www.kurdistannet.org
29-1-2003 23:09

# چەپی کوردی. .

# بزووتنەوەی بێ‌پرسیارو بێ‌وەڵام!

**کەمال ڕەوف**

هەرچەندە مارکس جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە بیروباوەڕەکان هەمیشە لەسەر ڕۆژگارو باری مێژووی دیاریکراو وەستاو نوپابەند دەبنەوە بەڕووداوەکان و کاتی دیاریکراوەوە، کەچی بەپێچەوانەی ئەوتێڕوانینەوە سۆشیالیستەکان وهەندێك لە بیریارەمارکسییەکان لەدوایمەرگی مارکسەوە توشی چەقبەستنێکی توندی فکری بوون لەسەر ئەو تێڕوانین و بۆچانانەی، کەمارکس وەك میرات جێیهێشتبوو، ئەم بە پیرۆزگرتن و چەقبەستنە کە ڕێك پێچەوانەی زیندوێتی فکری مارکسە، وای کرد کە تیۆری مارکسیزم بۆ خەبات لەمڕۆدا ببێتە شتێکی وشکهەڵاتووی وا کە ڕادیکالییەت و زیندوێتی ونوێبوونەوەی خۆی لە دەست بدات و بە تەنها ببێتە شتێك لە ڕابردوو. . مارکس تا خۆی لە ژیاندا بووبەتوندی دژی ئەوە بوو لە گەڵ بۆچوونەکانیدا بەو شێوەیە مامەڵە بکرێت هەربۆیە خۆی لە ژیانیدا زۆر گۆڕانکاری بەسەرگەلێك بۆچوون و تێگەیشتنەکانیدا دەهێنا، بۆ ئەو ڕۆشنبوو کە لە دنیای سەرمایەدا کێشەو ناتەباییەکی زۆر هەیە، هەروەها خاڵی سەرەکی ئەو کێشەو ململانێیانێوهەڵاواردنی بە زێدەبایی دەستنیشان کردبوو بەلاّم لە لایەك بە حوکمی ئەوەی لە ماوەی بیست وشەش ساڵی نوسینی سەرمایەدا گەلێك گۆران هاتبووە پێشەوە مایەی هەڵویست بوون سەرمایەی بەتەواوی نەنوسیبوو لە لایەکی تریشەوە بەهۆی ئەوەی مەسەلەی خۆ ڕزگارکردن و کۆتای هێنانی چەوساندنەوە ی دەبەستەوە بە مێژوو و کاتی دیاریکراوەوە، هەر بۆیە لای ڕۆشن نەبوو کە تەنها یەك شێوازی خەبات کردن دەستنیشان بکات و جەختی تەواوەتی بخاتە سەر تاکە ڕێگایەك بۆ رزگاربوون بەڵکوو هەموو ئەوانەی ئەو دەیووت و پێشنیاری دەکردن جگە لە فەرزیاتەکانی سەردەمی خۆی هیچی تر نەبوون، هەربۆیە ئێستاش لە جیهاندا ئەو بەشە لە بۆچونەکانی مارکس کە باس لە مەسەلە ئابووری و مێژووییەکان دەکات وەك تیۆر بە زیندوێتی ماونەتەوەبەڵام هەرچی چارەسەرە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکەشێتی توشی شکست و قەیران بووە. بزوتنەوەی سۆشیالیستی کە خۆی ئامادەنییەو ئامادەش نەبووە لە فەرەزیاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانەوە هەنگاو هەڵگرێت ئەمڕۆ نەك هەر خۆی توشی شکستی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە بە لّکو نەشیتوانیوە پێشنیهادێکی ئیجابی وعەمەلیڕۆشن بۆ ئایندە بدۆزێتەوە و خۆی خستۆتە پەراوێزی ململانێکان و گۆرانکاری ڕوداوەکانەوە ئەمڕۆ تەنها ئەوەی کەبە دەستیەوە ماوەتەوە دیسانەوە جەخت کردنەوەیە لە سەر شتە کۆنەکانی سەردەمی پێشوو، لینین یەکیك بوو لە وانەی کە توانی لە ڕووی عەمەلی سیاسییەوە هەندێك گۆڕان بکات هەر ئەم هەنگاوەشی بووە هۆی ئەوەی کە سۆشیالیزمی روسی لە چاو ولاّتانی تردا چەن هەنگاو بەرێتە پێشەوە. . لە تێزەکانی ئەیلولی ١٩١٤دا سێ خاڵی گرنگ بۆ خەبات و شۆڕش دەستنیشان ئەکات، کە دوورو نزیك پەیوەندییان بە مەسەلەی تیۆری زێدەباییەوە نەبوو. یەکەم دامەزراندنی کۆماری دیمکراتی شۆڕشگێڕ کە تیایدا مافی یەکسانی تا ئەو پەڕی ئازادی تیا مسۆگەر بکرێت وچارەسەری کێشەی میللەتان بکات، دووەم دەستکۆتاکردنی فیودالیزم بە تەواوەتی، سێیەم کەمکردنەوەی سەعاتکارو دەستنیشانکردنی بۆ هەشت سەعاتکار. ، ئیتر بە دوای ئەوەوە سۆشیالیستەکان لە جیهاندا بوون بە دوو بەشی سەرەکییەوەکە وەك دوو هێڵی تەریبی بە یەك نەگەیشتوو تا ئێستا ماونەتەوەباڵێکیان کە بەخۆی دەڵێ ئەرسۆدەکسی پێیان وایە لە هەموو کەس زیاتر وەفاداری دەقە پیرۆزەکانن دەم و دەست داوای دامەزراندنی سۆشیالیزم دەکەن دەیانەوێت لە چاو تروکانێکدا یاسای موڵکدارێتی تایبەتی هەڵوەشێننەوە و بەمەش کۆتایی بە سیستەمی سەرمایەداری بهێنن و لە جێگەی ئەودا دەسەلاتی چینی کرێکاران ڕاگەیەنن. . ، باڵەکەی تریش پێیان وایە کە خەباتی شێنەیی بکەن و هەندێك بڕگەو پایەی مارکسیزم بگۆڕن کە تاکوو بتوانن لە ناو سیستەمی سەرمایەداریدا بمێننەوە و دروشمی خۆشگوزەرانی و پێکەوە ژیان بخەنە جێگەی دروشمە سورو ئاگراوییەکانی سۆشیالیستە تەقلیدییەکان وە هەر ئەم دوو باڵەش چەندین لق و پۆپی تریان لێ بۆتەوە وەك سۆشیال دیمکراتی فرانکفۆرتی و سەندیکالیستی و ستالینیزمی و رادیکالیزم و ئەنارشیست. . . . هتد

**سۆشیالیستی کوردی**

له كوردستاندا هەمیشە سۆشیالیزم هەوڵێكی لاسایكەرانەوەی دەرەوەی خۆی بووە تا ئێستا بە درێژای مێژووی ئەو فیكرە یە بیریارو كەسایەتییەكی قسەكەری خۆی نەبووە كە بتوانێت لە هەلومەرجی سیاسی كۆمەڵایەتیو ئابووری كوردستان ورد بێتەوە، سۆشیالیزم وەك چەمكی خەبات بگرێت بەدەستەوە و كاری لەسەر بكات، حیزبی شیوعی كە بە دایكی چەپ دەزانرێت هەر لە سەرەتاوە بە هەردوو پێوە كەوتە هەڵەی لاسایكردنەوەو گیانی داهێنان و هەڵوێستكردنی لە ناو سۆشیالیستە كاندا كوشت لەوەش خراپتر پاشان كەوتە ژێر كاریگەری وهەژموونگەری ستالینزمەوە، دواتریش هەرچی لەو جیا بووەوە نەیتوانی تۆزی ستالینیزم بە تەواوی لە شانی خۆی بتەكێنی هەرچی ڕێكخراوەكانی دواتری وەك كۆمەڵەو كارگەران و ئاڵای شۆڕش و ڕەوتی كۆمۆنیست بوو، سەرباری ئەوەی هەوڵێكی نوێیان دا كە خۆیان لە لاسایكردنەوە بپارێزن، بەڵام بە جۆرێك لە جۆرەكان سەركەوتوو نەبوون، چونكە هەم كەم ئەزموون بوون لە دنیای سیاسیدا هەم لە ڕووی فیكری سۆشیالیستیشەوە دەستكورت و هەژار بوون هەربۆیە نەیانتوانی لە پراكتیكدا نمونەیەكی نوێ پیشان بدەن كە جیاوازی هەبێت لەوەی پێشووتر. . لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وە تا ئیستاش كۆمەڵێك ڕیكخراوی سۆشیالیستی هەن بەڵام نەخۆیان نەكەسیش نازانێت ئەمانە سەر بە میراتی كام قوتابخانەو ڕیبازی سۆشیالیستین ؟ كەس نازانێت ستراتیژیەتیان چییە ؟ سۆشیالیزم چۆن دەبینن خەباتی ئەنتەر ناسیونالیستی و دروشمی كرێكارانی جیهان یەكگرن چۆن لە ناو كۆمەلگای كوردیدا ورددەكەنەوە ؟ بڕوایان بە خەباتی چینایەتییە یان گەلی. ؟ ئەم چەپە عەجیبە نەك هەر خۆیان لە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە دزیوەتەوە و خامۆش و بێدەنگن بەڵكوو ئەو ئەزیەتەش ناكێشن كە كۆمەڵێك لە ئەدەبیاتی تازەی چەپ و سۆشیالیستەكانی جیهان بۆ ڕیزەكانی خۆیان وەرگێڕنە سەر زمانی كوردی و موناقەشەی بكەن ئەوان ئەیانەوێت بە تیلەی چاو مەسەلە فیكری و كۆمەڵایەتیەكان ببڕیننەوە، لایەك دەیەوێت زۆر بە سادەیی بڵێت هەر ئێستا سۆشیالیزم و هەڵتەكاندنی سەرمایەداریم دەوێت بێ ئەوەی هیچ قسەیەكی ڕۆشنی لە سەر چۆنییەتی جێبەجێكردن وبە دەستهێنانی ئەم ڕەئییە هەبێت، لایەكی تریش نەك سەرمایەداری بەڵكوو ئامادەیە لە گەڵ ئەقڵی كۆنەپەرست و فیودالیزمیشدا پێكەوە ژیان ڕاگەیەنیو سەنگەری خەبات تێكەڵ بكات بێ ئەوەی ئەرك بكیشێت پێمان بڵێت ئەوە چ جۆرە تیۆرێكیچەپیە كە ئەو پیادەی ئەكات. . ئەو هەموو ئاڵوگۆڕو جێگۆڕكێیە ئەو هەموو گۆڕانكاریو هەڵوەشاندنەوەیە و پێكەوە گرێدان و خۆشخەیاڵییە، وەك تیسكەی تفەنگ دێت تێدەپەرن بێئەوەی هیچ كەس و لایەنێكی چەپ قسەیەكی ڕۆشنی لەسەر بكات، وەك ئەوەی هەموان چاوەڕێی فریاد ڕەسێك بكەن كە بێت و چەپ لەم خامۆشییە ڕزگار بكات كە لە بێدەنگیدا قەتیسیان خواردووە وجورئەتی ئەوە ناكەن سەبارەت بە ئایندەی خەڵك و هەلومەرجی كوردستان شتێكی تازەی وا بڵێن كە هیچ نەبێت وەك پلاتفۆرمێكی سیاسی سۆشیالیستەكان بۆ ئەم سەردەمە دەست بدات بۆ كاركردن. لینین لە نیسانی ساڵی ١٩١٧ لە ویستگەی پۆترۆگراد كە دابەزی لە بەردەم دەیان هەزار كرێكاردا دروشمی زەوی، نان، ئاشتی بەرزكردەوە، بۆ ئەو ئەم دروشمە هێندەی پەیوەندی بە خواستی جەماوەرەوە هەبوو هێندە پەیوەندی بەتیۆری زێدەبایی و ماركسیزم وهەڵوەشانەوەی سەرمایەدارییەوە نەبوو. . سۆشیالیستە كوردەكان لەوە دەترسن بۆ ئەمڕۆشتێك بڵێن كە لەگەڵ فكری ماركسیزمدا نەیەتەوە، بەڵام لەوە تێناگەن كە بێدەنگیان لەمڕۆدا زۆر لەوە ترسناكترەكە تەنها دژی تیۆری ماركسیزم بن، ماركس و ئەنگلس پاش لە ٢٥ ساڵ تێپەڕین بەسەر نوسینی مانیڤێستدا، خۆیان لە نوسینی پێشەكی تازەدا ڕەخنەیان لە هەندێك شوێنی ئەو نوسینە گرت كە خۆیان نوسیبویان چونكە بۆ ئەوان كۆمۆنیزم بزوتنەوەیەكی واقعییەو لە فەرەزیاتەكانیەوە سەرچاوە دەگرێت كە هەلومەرجی تازە دەیان هێنێتە پێشەوە. بۆ سۆشیالیستەكان هیچ ڕێگریەكی فكری و تیۆری نییە تاكوو نەتوانن هەلومەرجی سیاسی و ئابوری واقعی وڵاتی خۆیان نەخوێننەوەو خاڵە لاوازو بەهێزەكانی دەستنیشان نەكەن ئەمڕۆ بۆ هەموو لایەكمان ئاشكرایە كە ناتوانین مێژوو وەك خۆی دووبارە بكەینەوە ئێستا لە گەڵ ساڵانی رابردوو زۆر جیاوازە چەپێكی فەرەنسی ناتوانێت وەك ساڵانی١٩٦٨ بیر بكاتەوەوحزبی شیوعیش ناتوانێت شریتی بیست هەزار ئینسانی دروست بكات تاكو نەهێڵن خۆپیشاندانی خوێندكاران تێكەڵ بە خۆپیشاندانی كرێكارانی پاریس ببێت ئەمڕۆ بە پێچەوانەی بیركردنەوەی ئەوكاتە، چەپی فەرەنسی نەك پشتیوانی خوێندكاران ڕەت ناكاتەوە بەڵكوو خۆشی بە پشتیوانی بزاوتەكەی ئەوان دەزانێت ئەمرۆ زۆر لە ئاوازوگۆڕانییەكانی چەپ و سۆشیالیستییەكانی دنیا گۆڕاوە ئێستا زیاتر نەغمێكی مرۆڤدۆستانەی لە خۆگرتووە تازە جارێكی تر مەقولە سیاسییە كۆنەكان ناتوا نێ بۆ ئەمڕۆ كاریگەریان هەبێت وەك جاران، چەپی نوێ كە ئێستا لە جیهاندا خەریكی خۆ ڕێكخستنەوەیە بە پێچەوانەی

جاران نەك دژایەتی بزوتنەوە جەماوەرییەكان ناكات بەڵكوو خۆشی بە پشتیوانیان دەزانیٚ. ئیستا نەك بە كرێكاران ناڵێت نیشتمانیان نییە بەڵكوو لە بەرامبەر هێرشی عەولەمەداهانیان دەدەن داكۆكی لە سنووری نیشتمان بكەن مەسەلەی ژنان كە لە ئەساسدا مەسەلەیەكی چینایەتی نییە دەیكاتە تەوەری سەرەكی كاری رۆژانەی خۆی و پشتیوانی لیٚ دەكات، چەپی كوردی كە بیٚ خەبەرە لەم نەقڵە سیاسیو كۆمەڵایەتییە وردبینانەیە دەیەوێت سۆشیالیزم وەك خواردنێكی ساردەوە بووی خراپ بكات بە قورگی خەڵكدا بەلاٌم چەپی نویٚی ئەوروپی دەزانیٚ كە گۆڕانە گەورەكان و هەلومەرجی تازە، دۆخێكی تازەیان هێناوەتە پێشەوە، سۆشیالیستەكان لە بەرامبەر ئەوەدا دەیانەوێت بە شێوازێكی تازە خەبات بكەن. پێشكەوتنی پیشەسازی و فراوانبوونی دانیشتوانی گۆی زەوی و زاڵبوونی تەكنەلۆژیای تازەو بلاٌوبونەوەی نەخۆشی كوشندەی وەك ئایدزو پیس بوونی ژینگە و هەڵكردنی بای كۆنەپەرستیو مەترسییەكانی. . هتد لە گەڵ خۆیاندا ململانیٚی تازەیان هێناوەتە ئاراوە، هەر بۆیە چەپە كان دەبێت لە نێو ئەو ژیانەوە تێزەكانی خەباتیان هەڵگۆزن و هەوڵەكانیان بۆ گۆڕانی هەلومەرجی ژیانی ئێستا بێت. . باشتر وایە لە جیاتی لەخۆ تەریك خستنەوەی بەشێكی كۆمەڵ لە هەوڵی ئەوەدا بن تواناى پەلكێش كردنی هەموو ئەو كەسانەیان هەبێت كە دەخوازن ئازادیەكی زیاتریان هەبێت و هەست دەكەن لە ژێر چەتری سیستەمی ئێستادا نا ئارامن بە تایبەتی بێكارو هەژران و ژنانی دەردەدڵی ڕژێمی باوكسالاری، ئەمرۆ خەباتی ئەو ژنە راهیبەی ئەمەریكا كە زۆر دەكات ناوی خوا بە نێرینە كەم بەكاربێت لە ئینجیلی تازەدا یان دەیەوێت بۆ سەلما ندنی یەكسانی ژن و پیاو پلەی قەسیس وەربگرێت و ئاین بە یەك چاو بڕوانێتە ژن و پیاو زۆ ركاریگەری لە خەباتی ئەو سۆشیالیستە كوردە زیاترە كە خۆی خامۆش و بێدەنگ كردووەلە بەرامبەر نابەرابەریدا. هەروەها بۆ چونی كەسێكی وەك ئین میلی لیبرالیش لە سەر موڵكدارێتی تایبەتی لە چەپێكی توندرە كاریگەرترو واقعیترە كە پیٚی وایە نابێت زەوی بكرێتە موڵكی تاكە كەسی چونكە زەوی شتێكی سروشتییەو ماڵی هەمووانەو كەس مافی ئەوەی نییپە مالی گشتی بكات بە ناوی خۆیەوە. . یان پشتیوانی كردنی خواستی دابینكردنیكار زۆر ئینسانی ترو كاریگەرترو عەمەلیترە لەو داوایەی لافارجی زاواى ماركس كە دەیویست لە رۆژێكدا سیٚ سەعات كاركردن بۆ كرێكاران داوا بكات. .

هەروەهائەو پێشنیارەی دیموكراتخوازێك كە پیٚی وایەلەسیستەمی دیموكراتیدا مەرج نییە فكرە جیاوازەكان لە یەكتردا بتوێنەوەبەڵكووله جەوهەردا بۆ ئەوەیكە فكرەكان یەكتری بە جیاوازییەكانەوە قەبووڵ بكەن زۆر لە هاواری گەورەی ئەو سۆشیالیستانەئازایانەترو دیمكراتیانە ترە كە داواى ئازادی تەواوەتی دەكەن ولە ئاكامیشدا بە تەنها دەسەلاتی تاقانەی خۆیان دەوێت هەر بۆیە هەڵەیە كە چیتر سۆشیالیستەكان هەوڵ بدەن بە ئارەزوومەندانە وخەیاڵ ئامێزانە بیانەوێت دنیا بگۆڕن و لەمرۆشدابۆ ساغكردنەوەیهەر مەسەلەیەكی سیاسیو كۆمەلایەتیش بیاانەوێت بە تەنها بەپەڕاوەكانی ماركسیزمدا بگەڕێن، چونكە دەركەوت زۆر شت وەك ئەوەی ماركس پێشبینی دەكرد وا دەر نەچوو یان بۆ ئێستا ئیتر دەست نادات، ئەو لاى وابوو هێزی بێكاران لەشكرێكی ئارامی بەخش وهۆیەكی گەورەشە بۆ درێژەپێدانی تەمەنی سەرمایەداری بەلاٌم دواتر دەركەوت كەبەپێچەوانەوە نەك ئەو هێزە ئارامی بەخش نیە بەڵكوو هەرەشەئامێزیشە بۆ سەرمایەداری. . سۆشیالیستەكان بۆ ئەوەی تواناى داهێنان ونوێبوونەوە بگێڕنەوە بۆ خۆیان و زیندوێتی جیهانبینی خۆیان بپارێزن لە پێش هەر شتێكدا دەبێت خۆیان لە تەقلیدیەت وچەقبەستنی فكری وئایدیۆلۆژی رزگار بكەن چونكە ئەو فاكتۆرانە گەورەترین گورزی كوشندە لە تواناى مرۆڤەكان ئەوەشێنی، هەروەها بۆ ئەوەی لە تەپ و تۆزی هەڵەكانی پێشووش رزگاریان بێت و نەبنە میراتگریان دەبێت لەوە نەترسن و شەرم بكەن كە دان بەو راستییەدا بنێن بزوتنەوەی سۆشیالیستی كەسانی وەك ستالینی دروست كردووە كە جگە لە كوشت وبڕەكانی لە سالی ١٩٤٧ دا ١٤٠٪ دەنگەكانی بۆ خۆی داناوەو پراڤداشی كردۆتە شایەتی خۆی.

لە گەڵ ئەمەشدا دەركەوت كە خواستی سۆشیالیستانە لە جەوهەردا لە رووی ئابووریەوە چڕبوونەوەیەكی مرۆڤدۆستانەیە و لە رووی سیاسیشەوە لێكدانەوەیەكی ئەخلاقیانەی بەرزی مرۆڤایەتی، هەربۆیە بە كورتی سۆشیالیزم هیچ نییە جگە لە لە بزووتنەوەی نارەزایەتی مرۆڤەكان دژی هەژاری و نایەكسانی و هەوڵێكە بۆ باشتركردنی ژیانی مرۆڤ، بەلاٌم سەختەوهەڵەیەكی گەورەیە گەر مرۆڤ پیٚ ی وابێت كەسێك هەیە یا هەبووە توانیبێتی یادەتوانێت پێشبینی هەموو روداوو ئالوگۆرەكانی جیهان بكات هەربۆیە ماركس هەرچەندە توانی سەركوتووانەو سەركەوتوبێت لە دەستنیشان كردنی مەسەلەی زێدەبایدا بەلام لە هەمان

**کاتدا نەیتوانی بۆ ئەبەد چارەسەرکردنی ئەو هەڵاواردنە ببەستێتەوە بە یەك ڕێگا چارەوە بۆیە لەمەسەلەی دووەمیاندا کە دەست نیشانکردنی چارەسەرکردنی تەواوەتیو یەکجاری بوو سەرکەوتوو نەبوو. . .**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت